# زەواجی مسیار شێوازێکی تر بۆ چەوساندنەوەی ژنان!

ئامادەکردنی: فەرەیدوون حسێن



یەکێک لەوباسانەی کەزۆربەی ڕاگەیاندنەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە هاوسەرگیری مسیارە، وڵاتیان سەبارەت بەم بابەتە ڕاوبۆچونی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان بەباش و هەندێکی تریان بەخراپی دادەنێن، پێیانوایە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا ناگونجێ.

**شاگوڵ جەعفەر** فێرخوازی زانکۆ وتی: "ئەم زەواجە زیاتر لە دەوڵەتانی کەنداودا هەیە، چونکە ئافرەتەکانیان دەوڵەمەندن و لەڕووی ئابوریەوە سەربەخۆن بۆیە بیر لەو هاوسەرگیرییە دەکەنەوە. لە بارودۆخی ئێستادا کۆمەڵگەی کوردی لەوئاستەدا نییە کە ئەو هاوسەرگیرییە قبوڵ بکات، لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا پرۆسەی هاوسەرگیری بەمەبەستی پێکەوەنانی خێزان و خستنەوەی نەوەی نوێیە. بەبۆچونی من زەواجی مسیار هیچ خزمەتێک بە ئافرەت ناگەیەنێ بەپێچەوانەوە گیروگرفت زیاد دەکات، چونکە لەوانەیە لە سادەترین مافەکانی کە مافی دایکایەتی بێبەش بکرێ.

هەر سەبارەت بەم بابەتە **یادگار کەمال ئەحمەد** پسپۆڕ لەبواری یاسادا وتی: " بەحوکمی ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی ئاینی ئیسلام دەکەن ئێمە دەبێ لەڕوانگەی شەرعییەوە سەیری ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە بکەین. ئەگەر وەکو چارەسەرێک بێت، ئەوا واتای ئەوە دەگەیەنێ کە کێشەیەک خۆی لەخۆی دا سەری هەڵداوە، جا ئایا کێشەکە نوێ بێ یاخود کۆن؟ لەڕووی شەرعییەوە هاوسەرگیری بە بۆندەیەکی پیرۆز دەژمێررێ. کاتێک هەموو داواکارییە شەرعییەکان لە هاوسەرگیریەکەدا دروست ببێ ئەوا هاوسەرگیریەکی تەواوە. لە پێناسەی زەواجی مسیاردا وا دەردەکەوێ کە هەموو داواکراوە شەرعیەکان هەیە و گرێبەستی هاوسەرگیریەکە تەواوە، تەنها یەک کێشە هەیە، ئەویش کێشەی ئابووری یان کۆمەڵایەتی، وا لەهەردوو لایەنەکە دەکات کە ڕازی ببن بەو جۆرە هاوسەرگیریە. هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە ئەم جۆرە هاوسەرگیریە، باشە، چونکە بەلایەنی کەمەوە هەردوو لایەنەکە لە تاوان و کردەوەی ناشیرین دووردەکەونەوە، ئەمەش لە بابی (سد الزرائع) دەبێ ڕێی پێبدرێ. ئەگەر ماڵی باوکی کچەکە بەو کارە ڕازی بن، گەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ ئەوە کەرەم و دڵفراوانی کەس و کاری کچەکە رادەگەیەنێ. لەکۆمەڵگەی ئێمەدا لەبەر گرفتی عەشایەری و عەیبەوعارو کێشەی تری کۆمەڵایەتی هێشتا نەگەیشتوینەتە ئەو ئاستە بۆ قبوڵکردنی ئەو جۆرە زەواجە هەروەک وڵاتانی میسرو کەنداو. بەڵام ئەگەر ئەم جۆرە زەواجە باشیەکانی زیاتر دەرکەوت لە کۆمەڵگەکەماندا لە داهاتوودا، هەردەبێ خۆمان بگەیەنینە ئەو ئاستەی کە قبوڵی بکەین چونکە لەداهاتوودا پێ دەچێ واقع وا بخوازێ".

**چنور جەعفەر** لە پێوەندی ئەم بابەتەدا وتی: "ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لەڕووی سۆز و کۆمەڵی هەستی خێزانی لەنێوان ژن و پیاودا لایەنی سلبی زیاترە تا لایەنی ئیجابی. لەلایەکی ترەوە لەڕووی ئابوریەوە باری دارایی لەسەر شانی پیاوەکە کەم دەکاتەوە. بێ گومان بەڕەسمی کردنی ئەم جۆرە هاوسەرگیریە لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ پیاوانی ئاینی و کەسانی پسپۆڕی یاسایی و ڕێگەیەکی نوێیە بۆ سەرهەڵدانی فرەژنی کاتێک لەلایەن لیژنەی فتواوە بڕیاری لەسەر بدرێ و لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە قبوڵ بکرێ. خواستی کۆمەڵگەی کوردی وا دەکات کەئەم جۆرە زەواجانە لە کوردستاندا سەرهەڵبدات ، ئەمەش جۆرە ڕێگایەکی نوێ دەبێ بۆ لادانی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی گەربێ و لە کاتی ئەم هاوسەرگیرییەدا بەتەواوی ڕەچاوی لایەنی شەرعی نەکرێ .

مامۆستا **ڕەشید** وتارخوێن و پێش نوێژی مزگەوتی دارولسەلامی شاری سلێمانی وتی: "هاوسەرگیری مسیار زیاتر لە وڵاتە عەرەبیەکاندا هەیە و لەوڵاتی ئێمەدا تائێستا ئەم جۆرە زەواجە نەبوو، ئەگەر هەشبووبێ زۆر بەنهێنی بووە. ئەو کەسانەی کە زۆر دەوڵەمەندن ئەم جۆرە زەواجانە دەکەن،بۆ نمونە ئافرەتەکە ئەوەندە دەوڵەمەندە پێویستی بە پیاوەکە نیە بەخێوی بکات. ئەم جۆرە هاوسەرگیریە، شەرعیە چونکە بەئاگاداری کەسوکاری ئافرەتەکە دەبێ. هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە پیاو لەکۆمەڵگەی ئێمەدا (٢-٣) ژن دەهێنێ بۆیە کەمتر بەلای ئەم جۆرە هاوسەرگیریەدا دەچن.

**ئەوین حسێن** بەرپرسی لقی سلێمانی یەکێتی ژنانی کوردستان وتی: زەواجی مسیار یەکێکە لەو جۆرە زەواجانەی کە وەکو زەواجی متعەو سیغەوایە، ئەو جۆرە زەواجانە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شتێکی سادەو ساکار نیە و شتێک نیە خەڵک پێی ڕاهاتبێ. ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە هیچ بنەمایەکی مرۆڤایەتی و ڕەوشتی لەخۆ ناگرێ،ڕێگەدانە بە ڕابواردن و فرەژنی. کاتێک تاکەکەسێک پرۆژەیەک پێشنیار دەکات لەخزمەت و بەرژەوەندی کۆمەڵێ کەسانی دەوروبەرو خاوەن دەسەڵات و ئەو پیاوانەی کەئارەزوویان بەهیچ شتێک تێرنابێ و ئەم هاوسەرگیرییە ناهاوسەنگیەک لەکۆمەڵگەدا دروست دەکات و دەبێتە هۆی کاردانەوەیەکی سلبی لەسەر بارودۆخی ژن و توێژی گەنجانیش، لەرێگەی ئەم زەواجەوە سوکایەتی بەژنان دەکرێ، ژن خاوەنی نەفەقەو ماڵ و حاڵ نابێ، ئەگەر بێت و منالیشی بێت تەنیا ناوی باوکەکە هەڵدەگرێ و باوکەکە هیچ لە منداڵەکەی بەرپرس نیە، ئەم هاوسەرگیرییە ئەگەر بچێتە قاڵبی جێبەجێکردنەوە ئەو کێشانەی کە لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەیە وەک قەیرەیی، نەک چارەسەری ناکات بگرە بەشێوەیەکی ئاڵۆزتر ئەیروژێنێ. ئەم زەواجە بۆ ئەو گەنجانەی کە بەتەمای هاوسەرگیرین ڕێ خۆشکەر نیە. ئەم زەواجە لە وڵاتە عەرەبیەکانی وەکو قەتەر، سعودیە هەیە، کە لەئەنجامی ئەو واقیعە سەقەتەی کە کۆمەڵگەی ئەوانی پێدا تێپەڕیوە. ئەم زەواجە دورە لە کولتور و ئەو قانونانەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە.

هاوسەرگیری ئامانجی خستنەوەی نەوەیەکی باشە بۆ کۆمەڵگەکەی و پەروەردەکردنی بەشێوەیەکی دروست نەک بۆ ئەوەی کەسێک هیچ بەرپرس نەبێ و کات بەرێتەسەرو کەی ئارەزوی سێکسی هەبوو بێ لەگەڵ ژنەکە ڕابوێرێ و دوای بڕواتە دەرەوە. کچ کاتێک خاوەنی ڕێزی خۆیەتی بەقەیرەیی خۆی بمێنێتەوە زۆر بەرێزترە لەوەی پیاوێک بێ سوکایەتی پێ بکات. کوا لەناو نەریتی کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە باوک و برا ڕێگەبدەن ئەو کچەی کەزەواجی نەکردووە پیاو بچێتە لای بۆ ماڵەوە هاتوچۆی بکات. بەڕاستی ئەمە جۆرێکە لە لەشفرۆشی و سوکایەتی بەژن. ئەم زەواجە نەوەیەکی زۆر ناتەندروستی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە سەرهەڵدانی کۆمەڵێ گرفتی دەرونی و کۆمەڵایەتی کە لەدواجاردا هەموو کۆمەڵگە پێوەی دەناڵێنێ..

هەروەها نوسەرو ڕوناکبیر **هەمزە شەشۆیی** وتی: "زەواجی مسیار- ڕەو- زەواجێکی تازەیە لەچاو زەواجی سروشتیەوە کە گوزارشت لە گرێبەستی هاوسەرایەتی لەنێوان ژن و پیاودا دەکات، بەڵام بەکۆمەڵێ قەیدو بەندی جیاوازەوە لەڕووی نەفەقەوو جێگەو خانوو ماڵەوە کە ئەم مەرجانە ڕەچاودەکرێن لە گرێبەستەکەدا کە پیاو پەیوەست نیە بە نەفەقەو خانوو ماڵی تایبەت بۆ خێزانەکەی. واتە ژن لەماڵی باوکی یان ماڵی خۆی دەبێ و پیاویش لەماڵی خۆی. ڕۆژانە بۆ چەند کاتژمێرێک یەکتری دەبینن ئەویش لەبەر پرۆسەی سێکسیە.

لە وەڵامی پرسیاری ئایا ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە دەگونجێ؟ لەوەڵامدا وتی: من پێموانیە ئەم جۆرە زەواجە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا جێگای ببێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا یەکدەگرێتەوەو ئیشکالیەت دروست ناکات لەگەڵ شەرعی بوونیەوە. بەڵام کوردەواری کۆمەڵگەیەکی کۆنکرێتیە لەڕووی عورف و کولتوری تایبەت و تێکشکاندنی ئەو کولتورو عورفەش بەهەر شێوازێک بێت ئەستەم و نەگونجاوە یان زەمەنێکی زۆری دەوێ تاکو گۆڕانکاری بکرێ لە کولتوری کۆمەڵگەدا. خودی ئەم جۆرە زەواجە لە کۆمەڵگەیەکدا پێکدێ کە ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ بێ لەڕووی تاک و بیرکردنەوەی تاک گەرانەوە کەبتوانرێت ئافرەت بڕیاری خۆی بدات و هیچ ڕێگرێک نەبێ لەڕووی خێزان و کۆمەڵگەو دابونەریتەوە. هەروەها تاک و ئافرەت خاوەنی ئابوری سەربەخۆو کارابێ بۆ برەودان بەخودی ئەو زەواجەو جێبەجێکردنی.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئەم زەواجە خزمەت بە ئافرەت دەگەیەنێ وتی: من پێموانیە ئەم زەواجە کێشەکانی ئافرەت بنەبڕکات، بەڵکو لەڕوویەکی ترەوە کێشەی سایکۆلۆژی و ئابووری بۆ ئافرەتان دروست دەکات، چونکە خودی ئەم زەواجە لەبنەڕەتدا بەئاراستە چارەسەرکردنی ڕەهایی کێشەکانی ئافرەت نیە بەڵکو بەئاڕاستەی هەندێک لەچارەسەرکردنی کێشەی ئافرەتانە کە قەتیس دەبێ لە سێکس و بەئەنجام کردنی پرۆسەی سێکسی، ئەگینا لەڕووی ڕوحی و سۆزو خۆشەویستیەوە کێشەکانیان چارەسەر نابێ، لەگەڵ ئەوەی کە ئەگەر ئابوورییێکی تۆکمەی نەبێ، ئەوا کێشەی ئابوری بۆ دروست دەبێ .

لەوەڵامی پرسیاری ئایا بەڕەسمی کردنی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە هاندان نابێ بۆ فرەژنی؟ وتی: خودی ئەم هاوسەرگیرییە بۆیە دروست بووە یان ئیشی بۆ دەکرێ تاکو ببێت و جێگەی فرەژنی بگرێتەوە کە لەڕاستیدا ناشیگرێتەوە چونکە ئافرەتان خۆیان کێشەی شووکردن یاخود قەیرەییان هەیە. کاتێ ئافرەتێکی زۆر ماوەتەوەو شووی نەکردووە یان تەڵاق دراون. بەخودی ئەم زەواجە چارەسەری کێشەی شوکردن ناکات. چونکە لەگەڵ خواست و داواکاریەکانی ئافرەتاندا نیە ویەم زەواجەش بەهیچ شێوەیەک لەهیچ ڕوویەکەوە لە هاوسەرگیری فرەژنی ناچێ، شوێنی ئەو زەواجەش ناگرێتەوە چونکە فرەژنی لەزۆر ڕووەوە خواستەکانی ئافرەتان دا بین دەکات وەک سێکس و نەفەقەو جێگاو خۆشەویستی و سۆزەوە لەگەڵ ئەوەدا کە پیاوەکە بتوانێ دادگەربێ لەنێوان ژنەکانیدا. بەڵام لەزەواجی مسیاردا نە نەفەقەو نە جێگەو خانوو نەهیچ پێویستەیەکی تر بۆ ئەو ژنە دابین ناکات جگە لەکۆمەڵێ کێشەی سایکۆلۆژی و ئابوری نەبێت.

جێگەی ئاماژەیە کە لەرۆژی چوارشەممە (٢٠٠٧/٨/٢٢) پەرلەمانی کوردستان لەبەیاننامەیەکدا بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ڕونی کردەوە کە پرۆژەی لەوجۆرە نەدراوەتە پەرلەمانی کوردستان.



# وێنە دەدوێ

شازی ئۆتۆمبیلی خۆڵ کۆکردنەوە!!!!

# وشەی لە ( کوێ )ت بوو قەدەغە دەکرێ!

لەم ڕۆژانەی دواییدا بەرپرسێک لە کۆبوونەوەیەکی فەرمی دا بە ئەندامانی حزبەکەی خۆی گوتبوو کە نابێ چیتر گوێمان لە وشەی لە (کوێ) ت بوو؟! یان لە (کوێ)ت هێنا ببێ، چونکە ئەم جۆرە پرسیارانە بەمەبەستی شکاندن و ناوزڕاندن دەوروژێندرێن، هیچ پێویست نین!

بەرپرسەکە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە مافی خەڵکی کوردستان نیە ئەم پرسیارانە بکەن، ئەوان لەجیاتی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان جێبەجێ بکەن کەچی گوێ لە ناحەزان و دوژمنانی کوردستان دەگرن و پرسیاری رووشکێن دەکەن! ئێمە هەرگیز ئەو پرسیارانە پەسند ناکەن، دەبی ئێوەش لەلای خۆتانەوە بەتووندی وەڵامی ئەو کەسانە بدەنەوە کە ئەم پرسیارانە دەوروژێنن!!

لێردە مافی خۆمانە لەو بەرپرسەو ئەوانی دیکەش بپرسین: ئێوە بۆ ئەوە بوونەتە بەرپرس کە خزمەتی گەل و نیشتمان بکەن، ئەرکی سەرشانتانە خزمەت بکەن، چونکە هەموو ئەو شتانەی کە بەدەستتان هێناوە لە پاداشتی ئەوە بووە کە ئێوەش خزمەت دەکەن. باشە کاتێک ئێمە دەبینین کە ئێوە مووچەی چەندین ملیۆنیتان بۆ دابین کراوە، ئۆتۆمۆبیلی تازە بابەتتان بۆ کڕاوە، زەویتان وەرگرتووەو بۆ پاسەوان و خزمەکانی خۆشتان مسۆگەرتان کردووە، ئەی باشە بۆ دەبێ ئێمەی جەماوەر مافی ئەوەمان نەبێ لە مافەکانی خۆمان بپرسینەوە؟! باشە نابێ بپرسین ئەرێ کاکی بەرپرس ئەگەر ئێمە نەبووباین چۆن ئێوە دەبوون بە بەرپرس و چۆن مووچەو سەیارەو زەویتان بۆ دابین دەکرا؟! باشە بەرپرسێک ئەگەر بتوانێ داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکات، مانگانە لە مووچەکەی بپرسێتەوەو وەری بگرێ، خەم بۆ کڕینی سەیاری نوێ بخوات و لایەنەکانی باڵا ناچار بکات کە بۆی بکڕن، داخوازی زەوی بۆ خۆی و بۆ پاسەوان و بۆ خزمەکانی خۆی بکات، ئەی بۆ ئەرکی سەرشانی ڕاناپەڕێنێ وداکۆکی لە مافەکانی جەماوەردا ناکات و هەوڵی چاککردنی کێشەو گرفتەکانی جەماوەر نادات؟!

قەدەغەکردنی وشەی لە کوێت هێناو لە کوێت بوو دەسەلمێنێ کە ئەو سامانانە لە ڕێگەی ڕەواوە کۆنەکراونەتەوە، دەسەلمێنێ کە نەک لە خۆیان بە گومانن، بەڵکو توانای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سادەیەشیان نیە کە رۆژانە دووپات دەبنەوە.

لە وڵاتانی جیهان دا ئەمە بە یاسا سەپاندراوە کە دەبێ بەرپرسان سەرچاوەی داهاتی خۆیان و سامانی خۆیان بۆ رای گشتی ئاشکرا بکەن، تەنانەت لە وڵاتێکی وەکو مۆریتانیادا بڕیاری سەرۆکایەتی و پەرلەمانی پێوەرگیراوە، سەرکۆمارو وەزیرەکان و پەرلەمانتارەکان ناچار کراون کە دەرگەی پرسیار و لێکۆڵینەوە ئاوەڵا بکەن، کەچی لە کوردستانی خۆمان دا کە وەک بەهەشتی دیموکراسی !! باسی لێوە دەکرێ تازە بە تازە پرسیارکردن لە سامانی بەرپرسان قەدەغەدەکرێ.

**سامان هەولێری**